# هۆکارەکانی لاوازی خوێندکارانی قۆناغی حەوتەم لە خوێندنەوە و نوسینی زمانی کوردیدا

**شاخەوان بەهادین سەفەر**
Shaxo.haji@yahoo.com

**پوختە**

شێوازی خوێندنەوە و نوسینی زمانی کوردی بە شێوەیەکی دروست بنەمایە بۆ تێثەڕاندنی قۆناغەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری خوێندکار لە هەرێمی کوردستان دا.

لاوازی خوێندنەوە و نوسـینی زمانی کوردی لای خوێندکار هەلی تێپەڕاندنی قۆناغەکانی خوێندن کەمدەکاتەوە و دەبێتە هۆی دورکەوتنەوەی خوێندکار لە خوێندن و خوێندنەوە و دابەزینی ئا ستی ڕۆ شنبیری و زانستییان، لەم چەند سـاڵەی دوایدا لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردسـتاندا دەبینین ئاسـتی زانسـتی خوێندکار بە تایبەت لە خوێندنەوە و نوسـینی زمانی کوردی دا بە شـێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، هەربۆیە لە سـۆنگەی ـهەسـت کردن بە بەرپرسـیارێتیمانهەسـتاین بە ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە بە مەبەسـتی دەسـت نیشـانکردنی هۆکار و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم بابەتە.

**کلیلە وشە :-**

لاوازی خوێندکار ، دروست خوێندنەوە ، دروست نوسین ، لاوازی لە خوێندنەوە ، لاوازی لە نوسین

**پێشەکی:-**

زۆرن ئەو کەسانەی پێشتر هەوڵی پێشخستنی پەروەردەیان داوە و لە ئێستاشدا بەردەوامن، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاری گەورە لە سـێکتەری پەروەردەدا کراوە بە شـیوەیەک کە خوێندکار کراوەتە تەوەری سـەرەکی و هەموو هەوڵەکان لە دەوری ئەودا کۆدەبنەوە و تواناکان لە خزمەتی پەروەردە و فێرکردنیدا سـەرف دەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە گەشـتووینەتە ئاسـتێکی زۆر باش لە پرۆسـەی پەروەردە وفێرکردن بەڵکو کۆمەڵێک کێشەمان هەیە، لەوانە نزم بوونەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی لـە خوێندنەوە و نو سینی زمانی کوردیدا بە شێوەیەک کە بە شێک لە خوێندکاران دەگـەنـە قۆناغی (7-9) بەڵام هێشتا بە تەواوی ناتوانن زمانی کوردی بخوێننەوە و بنوسـن، خوێندنەوە و نوسـین بە دوو بنەمای سـەرەکی دادەنرێن بۆ سـەرکەوتنی خوێندکار هەروەها قۆناغی بنەڕەتی قۆناغێکی سـەرەکییە بۆ پێگەیاندنی کەسـایەتی منداڵ، لە کۆتاییەکانی سـاڵی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

2006 دا کاتێک بووم بە مامۆستا توشی سەرسوڕمان بووم کاتێک بینیم بەشێکی زۆری خوێندکارەکان توانای خوێندنەوە و نوسینیان خراپە بەڵام ئەو کات هۆکاری ئەوەم دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە خوێندنگەکە لە گوندە و خوێندکارانیش گرنگی تەواویان پێ نەدراوە، دوای گواستنەوەشم لە خوێندنگە نوێیەکەم هەمان کێشەم بینی بۆیە کەوتینە سۆراغکردنی ئەم کێشیە تا دەرکەوت لە زۆربەی قوتابخانەکان هەمان کێشە هەیە و ساڵانە زیاد دەکات بۆیە بڕیارماندا ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین، لەم توێژینەوەیەدا کارمان بە ڕێبازی وە صفی شیکاری کردوە کێشەیەکمان دیاریکردوە و داتا و زانیاریمان لەسەری کۆکردوەتەوە پاشان پرسیار و گریمانەمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا کە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتییە دیاری کردوە،پرسیارەکانمان بە شیوەیەکی دیاری بە گوێرەی ڕێژەی (لەگەڵێدام،زۆر لەگەڵێدام، نازانم، لەگەڵیدانیم، زۆر لەگەڵیدانیم) داناوە دواتر هەستاوین بە شیکارکردن و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە و دواتر ئەو ئەنجامانەمان دیاری کردوە کە لە ساتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا پێ گەیشتووین،جگە لەمانە ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتوە:-

- بەشی یەکەم، خوێندنەوە (گرنگی خوێندنەوە، دروست خوێندنەوە و لاوازی خوێندنەوە، گرنگی خوێندنەوە بۆ خوێندکار، کاریگەرییەکانی لاوازی خوێندنەوە)
- بەشی دووەم، نوسین (مێژووی ئەلفوبێی کوردی، گرنگی نوسین، دروست نوسین و لاوازی نوسین، گرنگی نوسین بۆ خوێندکار)
- بەشی سێیەم، قۆناغی بنەڕەتی (گرنگی قۆناغی بنەڕەتی، قۆناغەکانی و تێپەڕاندنیان خوێندن بە پێی سیستمی کۆن و نوێ لە هەرێمی کوردستان)
- بەشی چوارەم، پێشاندان و ڕاڤەکردنی ڕاپرسی سەبارەت بە لاوازی خوێندکار لە خوێندنەوە و نوسینی زمانی کوردی.

**کێشەی توێژینەوەکە:-**

لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە چەند کێشەیەک بەرەوڕوومان بووەوە لەوانە:-

- کەمی سەرچاوە.
- کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە سەردەمی قەیرانی ئابووری و پاشەکەوتی مووچە بوو،ئەمە بووبووە هۆی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن بەم هۆیەوە نەمانئەتوانی بەشێوەیەکی باش و خێرا ڕاپرسییەکە ئەنجام بدەین،ڕاپرسیەکە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ دواکەوت و کورتکردنەوەی ناوچەی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکەمان لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی بچوکردەوە.
- لە کاتی جیاکردنەوە و دەرهێنانی ئاماری ناو ڕاپرسییەکە بۆمان دەرکەوت کە بەڕێوەبەری چەند خوێندنگەیەک خۆیان ڕاپرسییەکە یان تەنها یەک مامۆستا فۆڕمەکانی ڕاپرسییەکەیان پڕ کردبووەوە بەو پێیەی هەمووی یەک دەستوخەت بوو (ئێمە ئەو فۆڕمانەمان بە پوچەڵ دانا)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

• پێئەچێت هەندێ لە مامۆســتایان نەیانتوانیبێت بە ئازادانە ڕای خۆیان لەســەر ڕاپرســیەکە نووســیبێت بە تایبەت ئەو خانانەی کە پێوەندی بە دەســتەی کارگێڕی و ســەرپەرشــتیارانەوە هەیە( دوو مامۆســتا بە تەلەفون پەیوەندیان پێوە کردم کە نەیانوێراوە بە ڕوونی ڕای خۆیان بنووســن و داوایان کرد ئەو فۆرمانەی ئەوان پوچەڵ بکرێتەوە و خۆیان بێ ئاگاداری بەڕێوەبەر فۆڕمی تازە پڕ بکەنەوە)

**گرنگی توێژینەوەکە:-**

1/ لەم توێژینەوەیەدا پرسی لاوازی خوێندنەوە و نوسینی زمانی کوردی پێشکەش بە پەروەردەکاران دەکرێت.

2 / دەبێتە دەستپێک بۆ وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوە پەروەردەییەکان تا کاری جدی لەسەر ئەم پرسە بکەن.

3 / دیاریکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە و ڕێگەکانی چارەسەری لەلایەن مامۆستایانەوە.

4 / خستنەڕوی کاریگەری دروست خوێندنەوە و نوسین بۆ هەمو بابەتێک لە قۆناغەکانی خوێندندا .

5 / ڕونکردنەوەی شێوازەکانی هەڵەکردن لە خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی دا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:-**

1/ زانینی ڕێژەی خوێندکارانی لاواز لە خوێندنەوە و نوســینی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی (7-9)دا لە سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردە ڕۆژئاوا-سلێمانی.

2 / دیاریکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە.

3 / دۆزینەوەی ڕێگا چارەی پێویست.

4 / هاندانی پەروەردەکاران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەم پرسە گرنگە.

**گریمانەکانی توێژینەوە:-**

هەر توێژینەوەیەک لەسەر بنەمای زانستی ئەنجام بدرێت، لە ڕوانگەی ئامارییەوە دەبێت پشت بە چەند گریمانیەک ببەســتێت، کە ئەم گریمانانەش لەســەر بنەمای کێشــە و ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە دەســت نیشــان دەکرێت، گریمانەکان بریتین لە :-

1 / هۆکاری لاوازبوونی خوێندکار، پەیوەست بە خودی خوێندکار.

2 / هۆکاری لاوازبوونی خوێندکار، پەیواست بە مامۆستا.

3 / هۆکاری لاوازبوونی خوێندکار، لە دەستەی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن و سەرپەرشتیاراندا خۆی دەبینێتەوە.

4 / هۆکاری لاوازبوونی خوێندکار ، لە سیستمی خوێندندا خۆی دەبینێتەوە.

بەشی یەکەم // خوێندنەوە

یەکەم// گرنگی خوێندنەوە

دووەم// دروست خوێندنەوە و لاوازی لە خوێندنەوەدا

سێیەم// گرنگی خوێندنەوە بۆ خوێندکار

چوارەم// کاریگەرییەکانی لاوازی لە خوێندنەوە

خوێندنەوە کردەیەکی زانیارییە، بریتییە لە کردنەوەی هەندێ هێما -کە پێیان دەوترێت پیت- بۆ دروست کردنی واتا و گەیشتن بە قۆناغی تێگەیشتن و زانین.

خوێندنەوە بەشێکی گرنگی زمانە، هۆکاری فێربوون و پەیوەندی بە ڕۆشنبیری و شارستانیەتە جیاوازەکانەوە و هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی گێڕانەوەی زانیارییە تۆمارکراوەکانی ناو مێشک دەبێت، کە بریتیە لە کردنەوەی هێماکان (پیتەکان) و ئەم چالاکیە بە وەرگێڕانی پیتەکان دەبێت بۆ وشە و ڕستە، کە لای خوێنەر مانای هەیە و ئامانج لێی تێگەیشتنی دەقەکە یاخود نوسراوەکەیە.

لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا، مرۆڤ پێویستی بە سێ خاڵی گرنگ هەیە کە ئەوانیش[١] :

1 / زانینی شێوەی هێما و پیتەکان: پێویستە خوێنەر هەموو پیتەکان بە با شی بزانێت و بتوانێت بیانخوێنێتەوە، کە ئەمەش بنەمای یەکەمی خوێندنەوەیە.

2 / تێگەیشتن: لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا خوێنەر دەبێت تێگەیشتنی بۆ دەقەکە هەبێت.

3 / توانای بڕیاردان: خوێنەر دەبێت بتوانێت دەقەکە بە باشی هەڵبسەنگێنێت و بڕیاری لەسەر بدات.

خوێندنەوە ڕێگەیەکی سەرەکی وەرگرتنی زانیارییە، پردێکە و شە نو سراوەکان پێیدا دەپەڕنەوە، دواتر فێربوونی گوێگرتن و قسەکردن هاوشانی نوسین دەست پێدەکات.

بە بۆچونی ئێمە ڕێگەی سەرەکی فێربوونی خوێندنەوە لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:-

1 / ناسین و باش خوێندەوەی پیتەکان و زانینی ناوەکانیان.

2 / زانینی دەنگی پیتەکان.

3 / شێوەی پیتەکان.

4 / پێکەوە لکاندنی چەند پیتێک بۆدروستکردنی وشەکان.

5 / پێکەوە لکاندنی چەند وشەیەک بۆ دروستکردنی ڕستە.

خوێندنەوە گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی هەمووماندا بە گشتی و بە تایبەتی لە ژیانی خوێندکاردا ئەم گرنگییە چەند بارەیە، چونکە خوێندنەوەی خوێندکار؛ خوێندنەوەیەکی فێرکارییە (وەزیفییە) واتە ئەرکە لەسەری و

١ - محمود محمد الشافعی و محمود جمال النهر ، (القراءة جوهر المعرفة وأهميتها للإنسان) کە لە وێبسایدی (meetkenana) دا بڵاوکراوەتەوە
http://meetkenana-3banin.dahek.net/t344-topic

دەبێت ڕۆژانە هەموو بابەتەکانی قوتابخانە بخوێنێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیماڵەوەیدا، ئەگەر هاتوو خوێندکار لە خوێندنەوەی ئەلفوبێ ی کوردیدا کێشەی هەبێت،لە بەشێکی بابەتەکانی تردا کێشەی دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆرخوێندنەوە هەیە[٢]:

آ / خوێدنەوە وەک ئەرک(وەظیفة): ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ئەرکە لەسەر خوێنەر و دەبێت بیکات.

ب / خوێندنەوە وەک ڕۆشـنبیری (الثقافة): ئەم جۆرە بۆ خۆ ڕۆشـنبیر کردن و وەرگرتنی زانیاری هەمە چەشـنەیە یاخود بۆ ئاگادار بوونە لە ڕوداوەکان.

پ / خوێندنەوە وەک خۆشی (الرفاهة): لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا خوێنەر تەنها بۆ بەسەربردنی کات دەخوێنێتەوە.

<u>یەکەم // گرنگی خوێندنەوە:</u>

خوێندنەوە تەواوکەری نووسـینە، چونکە خوێندنەوە نەبێت ئەوا نووسـین هیچ گرنگییەکی نامێنێت، خوێندنەوە گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیـانی هەموو تـاکێـک و دواتر کۆمەڵگەدا، تـاکی خوێنەر کەسـێکی ڕۆشـنبیر و پێشـکەوتووخوازە، بە هەمان شـێوە کۆمەڵگەی خوێنەر کۆمەڵگەیەکی پێشـکەوتووە، کە خوڵقێنەری ڕۆشـنبیری و بنەماکانی داهێنانە. دەکرێت گرنگی خوێندنەوە لە ژیانی تاکدا بۆ ئەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە:

1 / خواردنی هزر و ڕۆحە، هزر و بیر کردنەوەی خوێنەر گەشە پێ دەدات.

2/ گەشـتێکە بۆ ڕابردوو: بە خوێندنەوە دەتوانین لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بگەین و بزانین ژیانی سـەردەمەکانی پێش ئێمە چۆن بووە ، بۆیە دەڵێین خوێندنەوە پردی پەیوەندی نێوان ئێستا و سـەردەمەکانی پێشـووە، ڕێگەیەکە بۆ ناسینی نەتەوەکانی پێشوو.

3 / لە ڕێگەی خوێندنەوەوە زانیارییەکی زۆرمان لە سەرجەم بوارەکاندا دەست دەکەوێت.

4 / هەر لە کۆنەوە خوێندنەوە بە یەکێک لە گرنگترین هۆیەکانی فێربوون دانراوە.

5 / خوێندنەوە توانای دەربڕین و نووسین زیاد دەکات.

6 / بیری مرۆڤ بە ڕووی بیری تازەدا دەکاتەوە لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە.

7 / توانای تێگەیشتن زیاد دەکات.

8 / هۆیەکە بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی تر.

9 / خۆ ڕزگار کردن لە نەزانی و نەفامی.

10 / سـەرچاوەی داهێنانە: مرۆڤ چەند زیاتر بخوێنێتەوە هێندە بیرفراوانتر دەبێت و زیاتر شـایانی داهێنان دەبێت.

11 / ڕۆح و ناخ ئارام دەکات.

12 / خوێندنەوە دەرگای زانیاریی مرۆڤایەتییە بۆ کۆی زانست و هونەرەکان.

---

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

13 / خوێندنەوە ئەو دەرچەیەیە کە مرۆڤ لێیەوە زانیاری و ڕۆشنبیری و ئەزموونی ئەوانی تری لێ دەبینێت.

14 / ڕێگەیەکی گرنگە بۆ فێربوون و پەیوەندی و ناسین لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەری.

15 / خوێندنەوە یەکێکە لە چوار بنەما سەرەکیەکەی فێربوونی زمانێکی تر.

بۆ فێربوونی هەر زمانێک چوار بنەمای سەرەکی هەیە کە دەبێت فێریان ببیت :

آ / قسەکردن. ب / تێگەیشتن. پ / نوسین. ت / خوێندنەوە.

دووەم // دروست خوێندنەوە و لاوازی لە خوێندنەوەدا:

1 / دروست خوێندنەوە: بۆ دروست خوێندنەوەی دەقێک پێویستە خوێنەر بنەما سەرەکیەکانی خوێندنەوە بە باشی بزانێت کە ئەوانیش:

آ / ناسینەوەی شێوەی پیتەکان.

ب / زانینی دەنگی پیتەکان.

پ / پێکەوە لکاندنی پیتەکان و درووست کردنی وشە.

2 / لاوازی لە خوێندنەوەدا: بریتییە لە هەڵە دەربڕینی دەنگی پیت و وشەکان، لە کاتی خوێندنەوەی دەقێک لە لایەن خوێنەرەوە.

هەڵەکانی خوێندنەوە بە شێوەیەکی گشتی بەم شیوازانەی خوارەوە دەکرێن:

آ / هەڵە کردن لە خوێندنەوەی پیتەکان ، بە تایبەت ئەو پیتانەی کە شێوەیان لە یەک دەچێت یاخود دەنگەکانیان لە یەکەوە نزیکن، وەکو پیتەکانی (ب،پ) ، (س،ز) ،(ج،چ).

ب / نەناسینەوەی پیتەکان.

پ / زیاد کردنی هەندێک پیت کە لە وشەکەدا نین.

ت / نەخوێندنەوە و پەڕاندنی هەندێک پیت لە کاتی خوێندنەوەی وشەیەکدا.

ج / زیاد کردنی وشەیەک ,کە لە ڕستەکەدا نیە.

ح / پەڕاندنی وشەیەک لە کاتی خوێندنەوەدا.

خ / دووبارە کردنەوەی زۆری وشەکان جا بەشێوەی ڕاست بێت یان هەڵە.

چ / وەستانی هەڵە لە کاتی خوێندنەوەدا.

د / خاوی لە خوێندنەوەدا: هەروەک چۆن خێرا خوێندنەوە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی خوێندنەوە دادەنرێت، بە هەمان شێوەش خاوی لە خوێندنەوەدا یەکێکە لە شێوازەکانی هەڵەی خوێندنەوە ، وە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ: - -توانای زانستی

- ئاستی زیرەکی و لێهاتوویی
- پەیوەستی بە خوێندنەوەوە

وە لە هەمان کاتیشدا خێرا خوێندنەوە پێویستە بە شێوەیەک بێت کە لە مانای دەقەکە تێبگات .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سێیەم // گرنگی خوێندنەوە بۆ خوێندکار:

لە خوێندندا تەنها پەروەردە گرنگ نیە، بەڵکو پێویستە هاوشانی پەروەردەیەکی تەندروست کردەی فێرکردن دەست پێ بکات، کە گرنگترینی ئەمەش فێرکردنی نوسین و خوێندنەوەویە، گرنگی نوسین و خوێندنەوە لە فراوانکردنی بیر و درککردنی منداڵ و گەشەپێدانی توانا و بەهرەکانیان لای کەس شاراوە نیە.

نوسین و خوێندنەوە دوو کردەن کە هاوشانی یەک منداڵ فێریان دەبێت لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا، هەروەها پەیوەندی نێوان ئەم دوو کردەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، واتە ئەگەرهاتوو منداڵێک بە باشی فێری خوێندنەوە نەبوووبێت ئەوا بە باشیش فێری نوسین نابێت، چونکە هەردوو کردەکە لەسەر ناسین و بەکارهێنانی پیتەکان بنیات نراون، ئەگەرهاتوو خوێندکارێک ئەم دوو کردەیەی بە باشی فێر نەکرابوو ئەوا لە ژیانی داهاتووی خوێندنیدا تووشی چەندین کێشە دەبێتەوە.

پێویستە هەموو خوێندکارێک بە باشی خوێندنەوە بزانێت تا فێرکردن و خوێندنی بە شێوەیەکی دروست بڕوات، چونکە لە هەموو بابەتەکانی خوێندندا پشتی تەواو بە خوێندنەوە دەبەستێت و هەر کێشەیەکی لە خوێندنەوەدا هەبێت کێشە لە خوێندنیدا دروست دەکات، هەروەها لاوازی لە خوێندنەوەدا دەبێتە هۆی لاوازی لە سەرجەم بابەتەکاندا، ئەگەر خوێندکارێک تەنها بزانێت بخوێنێتەوە ئەوا کەسێکی خوێندەوارە، بەڵام ئەگەر توانی بە باشی بخوێنێتەوە واتە:

1 / باش دەخوێنێت و لە هەموو بابەتەکاندا نمرەیەکی باش بە دەست دەهێنێت.

2 / کتێب و قوتابخانەی خۆش دەوێت.

3 / لە داهاتووشدا خوێندن و فێرکردنی بەردەوام دەبێت.

چوارەم//کاریگەرییەکانی لاوازی لە خوێندنەوە:

1 / لە کاتی خۆ ئامادە کردن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی کاتێکی زۆری لێدەڕوات.

2 / ناتوانێت بە باشی کۆشش بکات.

3 / ناتوانێت بە باشی لە بابەتاکان تێبگات.

4 / زوو بێزار دەبێت لە کۆشش کردن.

5 / ناتوانێت پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بە باشی بخوێنێتەوە و لێی تێبگات ، بەمەش ناتوانێت بە شێوەیەکی باش وەڵام بداتەوە.

6 /خوێندکارێکی شەرمن بەرهەم دەهێنێت.

7 / ئاستی زانستی خوێندکارەکە لە سەرجەم بابەتەکاندا دادەبەزێت.

ئەم کاریگەریانەش دەبنە هۆی:

1 / بە دەست نەهێنانی نمرەی پێویست بۆ دەرچوون یاخود نمرەیەکی باش لە تاقیکردنەوە.

2 / خۆشنەویستنی خوێندن و قوتابخانە و دوورکەوتنەوە لێی.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەشی دووەم // نـوسـیـن

یەکەم// مێژووی ئەلفوبێی کوردی

دووەم// گرنگی نوسین

سێیەم// دروست نوسین و لاوازی لە نوسیندا

چوارەم// گرنگی نوسین بۆ خوێندکار

زمان؛ یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دروســت بوون و زیندوویێتی هەر گەلێک، پێشــکەوتنی ئەو زمانە و نوســین و قسەکردن پێی ڕادەی پێشکەوتنی ئەو گەلە دیاریدەکات[٣].

بەشەکانی زمان بریتین لە قسە کردن و نوسین و خوێندنەوە، (گەر قسە کردن دەرهێنانی هەندێک دەنگ بێت، ئەوا نوســین نیشــاندانی ئەو دەنگانە یە بە یارمەتی هەندێ نیشــانە)[٤]، هەروەها خوێندنەوە هۆی وەرگرتنی زانیارییە نوسراوەکانی نوسەرە.

نوسین دەسکەوتێکی گەورەی مرۆڤایەتییە ، داهێنانی نوسین دەسپێکی دروستبوونی شارستانیەتەکانە[٥]، هەروەها هۆیەکە لە هۆیەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، کە لە ڕێگەی نوســینەکانیانەوە گوزارشــت لە بیر و بۆچوونەکانیان دەکەن و زانیارییەکانی و هەست و سۆزیان دەردەبڕن و ڕووداوەکانی ژیانی خۆیان و دەوروبەریان تۆمار دەکەن.

سەرەتای ئەم داهێنانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە مرۆڤەکان پێویستییان بەوە بووە زەحمەتی گەیاندنی دەنگی خۆیان بە شوێن، هۆز، نەتەوەیەکی تر ئاسان بکەن[٦]، نوسین تەواوکەری قسەکردنە گەر قسە بە هۆی چەند هێمایەکەوە (پیت) نەنوســرێت ئەوا؛ نە کەســێکی دوور دەیبیســتێ نە بۆ کاتێکی دواتر دەمێنێتەوە هەر بۆیە لە ســەردەمانێکی کۆنەوە مرۆڤ لە هەوڵی داهـێــنانی هـۆیەکـدا بـووە بۆ ئەم مەبەسـتە، بـۆیە لە سەرەتــادا نوسـینی وێــنەیی (پیکتۆگراڤی) یان داهـێـنا، کە لەم جـۆرە نووسـینەدا مرۆڤ وێـنەی شتێکی دەکێشا و مەبـەسـت لێی هەمان شت بووە و واتای ڕاستەوخۆی ئەو شتەی دەگەیاند.

پاشــان ئەم جۆرە نوســینە پەرەی پێدرا و نوســینی هێمایی (ئیدۆگراڤی) داهێنرا کە لەم جۆرە نوســینەدا کاتێک وێنەی شـتێک دەکێشـرا بە هێما بۆ شـتێکی تر بەکار دەهات بە نموونە گەر وێنەی چاویان بکێشـایە ئەوا مەبەسـت لە

---

- ابراهیم احمد (چۆن زمانەکەمان بنووسین) ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، ١٩٩٦ سلێمانی، لاپەڕە ١٣

- تۆفیق وەهبی (دەستووری زمانی کوردی) دارالطباعة الحادثة ، بغداد ١٩٢٩، لاپەڕە ١ ، لاپەڕە٤

٥ - د.ئەورەحمانی حاجی مارف(نووسـینی زمانی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی) لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان ١٩٨٦، لاپەرە ١٠

٦ - د.ئەورەحمانی حاجی مارف (نوو سینی زمانی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی) لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆ شنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان 1986 ، لاپەڕە 13

کێشـــانی وێنەکە بینین بووە، بەڵام لە نوســـینی وێنەییدا چاو تەنها مانای چاوی دەگەیاند، وە دواتر نووســـینی هێرۆگلۆڤی[٧] داهێنرا.

بەم شـێوەیە لەگەڵ پێشـکەوتنی مرۆڤایەتیدا نووسـینیش پەرەی سـەند و پێشـکەوت و وردە وردە ئەرکی نوسین فراوانتر بوو و جۆری نوێی لێ پەیدا بوو.

یەکەم / مێژووی ئەلفوبێ ی کوردی:

گەلی کورد لە دێر زەمانەوە خاوەنی ئەلفوبێیەکی تایبەت بە خۆی بووە و لە (37) دەنگ پێکهاتووە بەڵام بە داخەوە تا ئێستا هیچ دەقێک لەبەردەست دا نیە، کە بەو ئەلفوبێیە نووسرابێتەوە، هەروەها دەقە پیرۆزەکانی ئاینی ئێزیدییان بە ئەلفوبێیەکی تایبەت نووســـراونەتەوە جیاواز لە ئەلفوبێ کۆنەکەی زمانی کوردی، ئەم ئەلفوبێیە لە (34) دەنگ پێکهاتووە، کە ئەمەش لە کتێبی (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام) ی ئیبن وەحشیە داهاتووە[٨].

لە پاش هاتنی ئاینی ئیسلام و گەلی عەرەب بۆ کوردستان و سەپاندنی دینی خۆیان لە ناوچەکە و موسڵمان بوونی گەلی کورد، کوردان – وەکو هەموو گەلانی تری موســـڵمان بوو – وازیان لە بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکەی زمانی خۆیان هێناو و بۆ نووسینی زمانەکەی خۆیان ئەلفوبێی عەرەبییان بەکارهێناوە بە هۆی کاریگەری قورئانی پیرۆز و دەسەڵاتی خەلافەتە عەرەبییەکان لەسەریان.

نووسـینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی لە سـەرجەم ناوچەکانی کوردسـتاندا بەکارهاتووە، هەروەک چۆن سـەرجەم گەلانی ناوچەکە و ژێر دەسـتەکانی عەرەب بەکاریان هێناوە، لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەم لە کوردسـتان بە تایبەت لە باشـــووری کوردســـتان بنەماکانی ئەلفوبێی کوردی بە دەنگی عەرەبی دانراوە، بەڵام لە باکوری کوردســـتان، کە لە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی تورکیادایە لە ســـاڵی 1929 ی زایینی بە دواوە ئەلفوبێی لاتینی بەکاردێت[٩] ، هەروەک چۆن بەشێک لە زمانزان و ڕۆشنبیرەکانی باشوری کوردستانیش داوای بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئەلفوبێیە دەکەن.

جگە لەمانە چەند جارێک هەوڵدراوە ئەلفوبێیەکی تایبەت بە زمانی کوردی دابنرێت لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی کوردی بگونجێت .د.ئەورەحمانی حاجی مارف لەم بارەیەوە دەڵێت:"مامۆسـتا مەلا کاکە حەمەی حاجی مەلا سـەیفوڵا ئەلفوبێیەکی نوێی بۆ نووسینی کوردی داهێنابوو کە لەسەر ژمارە و پیت سازی کردبوو.

زانای بەناوبانگ و ناســـراوی کورد (شـــێخ محمدی مەردۆخ) لە پێشـــەکی ئەو فەرهەنگە کوردی – فارســـی – عەرەبییەیدا، کە لە سـاڵی 1956 لە تاران چاپی کردوە، ئەلفوبێ یەکی تایبەتی بۆ نووسـینی کوردی سـازکردبوو، ئەو نیگارانەی ئەو بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی دایناون ، شێوەیان لە نووسینی کۆن دەچێت و بەکارهێنانیان گرانە.

هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنج بێت، ئەوەیە دانەری ئەو ڕێنووسە خۆی فەرهەنگەکەی بەو ئەلفوبێیە نەنووسیوە.

٧ - هەمان سەرچاوە لاپەڕە 15 – 13

٨ - سۆران حەمە ڕەش (کام ئەلف و بێ پەیوەندی بە زمانی کوردییەوە هەیە) کە لە وێبسایدی ((hstory of Kurd) دا بڵاو کراوەتەوە.

٩ - د. ئەورەحمانی حاجی مارف (نووسینی زمانی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی) ، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان 1986/ لاپەڕە 19

مامۆستا محەمەد عەلی کوردستانی کە یەکێکە لە کوردەکانی ئازربایجانی سۆڤێت، ئەلفوبێ یەکی جیهانی داناوە ئەو ئەلفوبێ یە لە گرەوی نێو دەوڵەتاندا یەکەم دەرچووە و ناوی ئەلفوبێی " هاوڕێیەتی گەلان " ی لێ نراوە "[١٠].

یەکەم کتێبی فێربوونی ئەلفوبێ ی کوردی لە باشـــووری کوردســـتان، کە دانراوە و کراوەتە پرۆگرامی خوێندن، ئەلفوبێیەکەی مامۆســـتا (ئیبراهیم ئەمین باڵدارە)، کە لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی ڕابوردوو نووســـیویەتی و بۆ ماوەی چەندین دەیە منداڵی کورد لە سەری فێری نو سین و خوێندنەوەی زمانی شیرینی کوردی بوون بە با شترین شێوە، (لە یەکێک لە پەیجەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبووک بە ناوی {پەروەردە} بە دوو پرســـیاری جیاواز و لە دوو کاتی جیاوازدا ،پرسیاریان ئاڕاستەی فانەکانیان کردبوو سەبارەت بە هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی خوێندکاران لە نوسین و خوێندنەوەی کوردییدا، بەشـــێک لە وەڵامەکان بە کۆمێنت وەڵامیان دابوەوە هۆکارەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ گۆڕینی پرۆگرامی ئەلفوبێ ی کوردی و پاڵپشتییان لە گێڕانەوەی ئەلفوبێیەکەی باڵدار دەکرد ، ئەمە جگە لە چەند هۆکارێکی تر کە ئێمە لە ڕاپرســییەکدا باســمان کردوە ، هەروەها لە پرســیارێکی تردا، کە هەمان پەیج کردبووی دەپرســێت{کامیان با شترە ؟ سمۆرە یان ئەلفوبێ} وە لە کۆی 71 وەڵام تەنها 8 کەس سمۆرەی پێ با شتر بووە و ئەوانی تر ئەلفوبێ یان هەڵبژاردوە).

باڵدار لە ساڵی 1949 ئەو کاتەی, کە لە گوندی قەمچوغە و جاسەنە مامۆستا بووە ئەلفوبێیەکەی داناوە و لە ساڵی 1951 لەبەغدا چاپکرا[١١]، وە ئەم ئەلفوبێیە بۆ زیاتر لە 50 ساڵ لە قوتابخانەکان دەخوێنرا، لە ساڵی 2003 لە سنوری پارێزگای سلێمانی (ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە لایەن چەند مامۆستایەکەوە ئەلفوبێ یەکی نوێ دانرا، بەڵام لە ســـنووری پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر هەر ئەلفوبێ یەکەی باڵدار دەخوێندرا، دواجار لە ســـاڵی 2013 وەزارەتی پەروەردە ڕەزامەندی لەســـەر گۆڕینی پرۆگرامی ئەلفوبێ دەربڕی و لەســـەرجەم پارێزگاکاندا کتێبی (سمۆرە) دەخوێندرێت, کە لەلایەن 19 مامۆستاوە دانراوە.

دووەم / گرنگی نوســـین:

نوســـین ئەگەر گرنگترین داهێنراوی مرۆڤایەتی نەبێت ، ئەوا بێگومان لە گرنگترینیانە، گرنگی نوســـین لە ژیان و مێژووی گەلاندا لای هیچ کەس شاراوە نییە، چونکە ناکرێت مێژووی جیهان و شارستانیەتەکان و ڕووداوە گرنگەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازرێتەوە بە نو سین نەبێت، گەر نو سین نەبوایە ئەوا لە زانست و زانیاری بێ بەش دەبووین، وە لە مێژووی کۆنمان و نەتەوەکانیتر ناشارەزا و بێ ئاگا دەبووین.

هەر لە کۆنەوە مرۆڤە کان ویســـتوو یانە ڕوداوە گرنگە کانی ژیانی خۆ یان بە نەمری بهێڵنەوە, دەبینین لە چاخە دێرینەکاندا بۆ پاراســـتنی ڕووداوە گرنگەکان، لەســـەر دیواری ئەو ئەشـــکەوتانەی کە تێیدا ژیاون بە کێشـــانی چەند وێنەیەک گوزارشتیان لە ڕووداوەکان کردوە_و بە کەسانی دوای خۆیان وتوە – ئێمە لێرە بووین - .

١٠ - د. ئەورەحمانی حاجی مارف (نووسینی زمانی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی) ، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان 1986/ لاپەڕە 20

١١ - بڕوانە ئەمین سەپان ، (باڵدار لە هۆنراوەدا) 2017 چاپخانەی ئاکام لاپەڕە 4

به بۆچوونی ئێمە دەکرێت گرنگی نوسین لەم چەند خاڵەدا کورت بکرێتەوە:

1 / نوسین هۆیەکە بۆ پەیوەندی: لە پێش سەردەمی تەکنەلۆجیادا پەیوەندی نێوان مرۆڤە لەیەک دوورەکان کە دەنگیان بە یەک نەدەگەیشت تەنها لە ڕێگەی نوسینەوە بووە (نامە) بە هەمان شیوەی ئێستاش کە زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێکی گرنگی ژیانی ئەم سەردەمەیان کۆنترۆڵ کردوە ، نوسین بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ئەم پەیوەندییە.

2 / گواستنەوەی زانست و زانیاری: ئەم پێشکەوتنەی ئێستا مرۆڤ پێی گەیشتووە لە ڕێگەی نوسینەوە بووە، چونکە زانست و بیرۆکە دۆزراوەکان لە سەردەمانی پێشوو لە ڕێگەی نو سینەوەیانەوە بە ئێمە گەیشتووە و ئەمەش بووەتە هۆی پێشخستنی، چونکە ئەگەر نوسین نەبوایە کەسێک بیویستایە داهێنانێک بکات دەبوو لەسەرەتاوە دەستی پێ بکردایە.

3 / ڕێکخستن و پاراستنی زانیاری و شتە گرنگەکان لە لەناوچوون و لە بیر چووەنەوە ،چونکە کاتێک مرۆڤ شتێک لەبەر دەکات بە هۆی سەرقاڵی و و تێپەڕبوونی کاتەوە ناتوانێت هەمووی لە بیربێت ، بەڵام بە نوسین ئەو زانیارییانە دەپارێزرێت و دەتوانین هەر کات بمانەوێت بەکاری بهێنین.

4 / بۆ پاراستنی مافی مرۆڤەکان لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەست یاخود دانی بەڵێنێک یاخود پیدانی قەرز، دەکرێت بە نوسین بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنانە بپارێزرێت.

5 / پاراستنی ئایین: بە نوسینەوەی دەقە پیرۆزەکان و فەرمودەی پەیامبەران ، بنەمای ئایینە جیاوازەکان تا ئێستا پارێزراون.

6 / پاراستنی زانست و زانیاری و وتەی کە سایەتییە ناودارەکان و بیرو و بۆچوونی بیرمەندان کە ئەمەش بووەتە هۆی بەرەو پێش بردنی هزری تاکەکان و زیادکردن و چڕکردنی زانیارییەکانیان.

7 / هۆیەکی گرنگە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤەکان بۆیەکتر و کەمکردنەوەی ماوەی نێوانیان.

8 / پاراستنی مێژوو: لە ڕێگەی نوسینەوەی ڕوداوە گرنگەکانی ڕابردوو ئەو ڕووادوانە لە لەبیرچوونەوە پارێزراون و بەو هۆیەوە ئێمە ئاگاداری ڕووداوەکانی چەندین سەدەی ڕابووردووین.

9 / بە هۆیەک دادەنرێ بۆپەیدا کردنی داهات و بەڕێکردنی ژیان لە ڕێگەی نوسینی کتێب یان وتار یان هونراوەوە.

10 /هۆیەکی گرنگە بۆ خۆناساندن.

11 /چاکسازی ڕاستەقینە: نوسینی بیروبۆچوون و ڕەخنە و ڕێگەی چارەسەری کێشەکان و بڵاو کردنەوەیان تا زۆرترین کەس بیانخوێنێتەوە؛ ڕێگەیەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە چاکسازی ڕیشەیی لە سەرجەم بوارەکاندا.

سێیەم / دروست نوسین و لاوازی لە نوسیندا:

1 / دروست نوسین: بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما و یاسا کە قسەیان پێ دەنوسرێتەوە و ئەگەر هاتوو کێشەیەک لە دروست نوسیندا هەبوو ئەوا کێشە لە تێگەیشتن و مانای دەقەکەدا ڕوو دەدات.

بۆ فێربوونی نوسین بە شێوەیەکی دروست بە بۆچوونی ئێمە پێویستە ئەم هەنگاوانە فێر بین:

أ / زانینی نوسین و ناسینەوەی پیتەکان: پێویستە هەر لە سەرەتای فێربوونی نوسینەوە وێنەی سەرجەم پیتەکان بە باشی فێری خوێندکار بکرێت، وە بتوانێت بە باشی بیانناسێتەوە و بیانخوێنێتەوە، ئەمە بنەمای یەکەمی فێربوونی نوسین و خوێندنەوەیە، هەر کێشەیەک یاخود هەڵەیەک لە کاتی فێر بووندا ڕوودبدات یاخود خوێندکار بە باشی فێر نەکرێت یاخود پیتەکانی بە باشی لە یەکدی جیا نەکردەوە، ئەوا خوێندکارەکە ناتوانێت ئەوەی گوێی لێدەبێت بینوسێت یاخود ئەوەی دەیەوێت بینوسێت بە باشی بینوسێت.

ب / زانینی نوسینی دەنگەکان بە شێوەی لکاو و سەربەخۆ: سەرەڕای ئەوەی خوێندکار دەبێت پیتەکان بە باشی بناسێت و بزانێت بینوسێت، دەبێت پیتەکان بە هەردوو شێوەی لکاو و سەربەخۆ بزانێت.

- پیتی سەربەخۆ: واتە نوسینی پیتەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ و لە کۆتایی وشەدا.
- پیتی لکاو: واتە نوسینی پیتەکان و لکاندنیان بە یەکەوە، ئەمەش لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا دەبێت.

هەندێک لە پیتەکان لە کاتێکدا لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەکاندا بەکاردێن شێوەیان دەگۆڕێت واتە دوو شێوەیان هەیە و تەنانەت هەندێکیان لە دوو شێوە زیاتریان هەیە بە پێی بەکارهێنانەکانیان:

- ئەو پیتانەی کە ناگۆڕێن ( یەک شێوەیان هەیە ) ئەمانەن ( د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، وو ، و ، ۆ) ئەگەر پیتی (د) بە نموونە وەربگرین لەم نموونانەوە دەبینین گۆڕانی بەسەردا نایە

دەروون ، دەرباز ، ڕەوەند ، پابەند ، بریندار

- ئەو پیتانەی دە گوڕێن ئەمانەن:

- ئەوانەی دوو شێوەیان هەیە < شێوەیەک لە کۆتایی وشە و بە سەربەخۆیی شێوەی دووەم لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشە :

(ب ، پ ، ت ، س ، ش ، ک ، گ ، ف ، ق ، ڤ ، ی ، ێ ، ح ، ج ، چ ، خ ، ل ، ڵ ، م ، هـ)

ئەگەر پیتی (س) بە نموونە وەربگرین دەبینین بە سەربەخۆ و لە کۆتایی وشەدا بەم شێوەیە دەنوسرێت (س) بەڵام لە سەرتا و ناوەڕاستی وشەدا بەم شێوەیە دەنووسرێن (سـ) وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

شێوەی یەکەم: ڕێواس، چواس

شێوەی دووەم: سەرچنار ، سەیوان ، بێستانسوور ، نوسەر

- ئەوانەی دوو شێوە زیاتریان هەیە هەردوو پیتی ( ع ، غ ) کە بەم شێوەیە بە کاردێن:

سەرەتای وشە: عەلی ، عەبابەیلێ

ناوەڕاستی وشە: کەنعان ، جومعە

کۆتایی وشە: باییع

پ/ نوسین لە ڕاستەوە بۆ چەپ: لەڕێسای نوسین و ڕیزکردنی وشە لە زمانی کوردیدا دەبێت سەرەتای نوسین لە ڕاستەوە دەست پێ دەکات بەرەو لای چەپ.

ت / نوسینی وشە: هاوشان لەگەڵ فێرکردنی نوسینی دەنگەکان پێویستە خوێندکار فێربکرێت وشە بنوسێت.

ج / ڕێک نوسین وجوان نوسین:

- ڕێک نوسین: واتە نوسینی چەند وشە و ڕستەیەک لە ڕێکی یەکتری کە بەرزی و نزمی تێدا نەبێت
- جوان نوسین: واتە نوسینی وشەکان بە شێوەیەک، کە خوێنەر بە باشی بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات.

2 / لاوازی لە نوسیندا: هەڵە لە دروست نوسین هۆیەکە بۆ تێکچوونی مانای دەقەکە و باش تێنەگەیشتن لە ماناکەی ، " لە ماوەی 11 ساڵی کارکردنمدا وەکو مامۆستا و لە کاتی چاودێری کردنی نوسینی زمانی کوردیدا لە لایەن خوێندکارانەوە چ نوسینەوەی ناو دەفتەر چ لە سەر دەفتەری تاقیکردنەوەکان و هەروەها لەسەر وایت بۆردیش– تێبینم کردوە بەشێک لە خوێندکاران لە کاتی نوسیندا هەڵە دەکەن، وە بە شێوەیەکی گشتی هەڵەکان ئەمانەن " :

أ / هەڵە نوسینی هەندێک پیت: زۆر جار لە کاتی نوسیندا ، خوێندکار لە جێی نوسینی پیتێک پیتێکی تر دەنوسێت و بە باشی جیاوازی لە نێوان پیتەکاندا ناکات، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوەی نوسینی هەندێک لە پیتەکان لە یەکەوە نزیکن و تەنها بە خاڵ دانان لەسەر و ژێری پیتەکە جیاوازن.

ئەو پیتانەی لە یەک دەچن

( ب ، پ ، ت ) - ( ر ، ڕ ، ز ، ژ ) - ( ح ، ج ، خ ، چ ) - ( س ، ش ) – ( ک ، گ )

( ف ، ق ، ڤ ) – ( ع ، غ ) – ( و ، وو ، ۆ ) – ( ی ، ێ )

ب / لە کاتی نوسیندا هەندێک پیت دەپەڕێندرێت.

پ / لە کاتی نوسیندا هەندێک پیت زیاد دەکرێت کە لە وشەکەدا نییە.

ت / جیاوازی نەکردن لە نێوان بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت( ا ، ە ) ، ئەم هەڵەیە زۆرترین جار دووبارە دەبووەوە و وەک هەڵەی زۆرترین خوێندکار دەبینرا.

ج/ بە جێهێشتنی بۆشایی نایەکسان لە نێوان پیتەکانی یەک وشەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وشەکە هەڵە بخوێندرێتەوە یاخود ماناکەی تێکبچێت.

ح / بە جێهێشتنی بۆشایی نایەکسان لە نێوان وشەکاندا ، هەندێک جار دوو وشە بە تەواوی بەیەکەوە دەنوسێنران و هەندێک جار زۆر لەیەکەوە دووربوون.

خ / ناشرین نوسینی پیتەکان.

چ / نەزانینی نوسینی پیتەکان ( نەزانینی شێوەی پیتەکان ).

د / ڕێک نەنوسینی پیتەکان و پاشان وشەکان ( بەرزو نزمی زۆر لە یەک دێڕی نوسیندا ).

ر / ناڕێکی لە قەبارەی پیتەکان.

چوارەم / گرنگی نوسین بۆ خوێندکار:

نوسین هونەرێکی ناوازە و کارێکی داهێنەرانەیە لای منداڵ، بێگومان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێگەیاندنی منداڵەکە لە سەرەتاکانی تەمەنیدا و ڕۆحی داهێنان لە ناخیدا دەچەسپێنێ.

نووسـین لای منداڵ پێویسـتی زۆری بە پێشـکەوتن و پێشـخسـتن هەیە، ئەگەر هاتوو و هاوکاری نەکران ئەوا بێ گومان لە بیریان دەچێتەوە – یاخود هەر لە سـەرەتاوە بە باشـی فێرنەکران – ئەوا کاریگەری نێگەتیڤی لەسـەر باری دەروونی منداڵەکە دروست دەکات و دواتر ئەم کاریگەرییە پەل دەکێشێت بۆداهاتوو.

وەک پێشـتر ئاماژەمان پێدا دروسـت نوسـین بریتییە لە زانینی پیت و هێماکان و کۆمەڵێک یاسـای زمانەوانی، کە قسە کردنی پێ دەنو سرێتەوە ، ئەوەی لەم یا سایانە لابدات یاخود پیتەکان بە با شی نەنا سێت ئەوا هەڵە لە ڕێنو سدا دەکات، بۆیە فێرکردنی نوسـین بۆ خوێندکار لە قۆناغەکانی سـەرەتای خوێندنیدا بێ ئەندازە گرنگە، چونکە خوێندکار لە سـەرجەم وانەکانی هەموو قۆناغەکاندا پێویسـتی بە نوسـین هەیە ، گەر لەم تەمەنەدا ئەم ئەرکە جێبەجێنەکرێت ، خوێندکارەکە لە قۆناغەکانی تری خوێندنیدا تووشـــی چەندین کێشـــە دەبێتەوە، ئەم کێشـــانەش به بۆچوونی ئێمە بریتیین لە:

1 /هەڵە لە درو ست نو سیندا، کۆ سپ لە ڕێگەی درو ست خوێندنەوەی دەقەکەدا درو ست دەکات، بەم کۆ سپانەش خوێنەر ناتوانێت بە باشی لە دەقەکە تێبگات و مانای دەقەکە تێکدەدات.

2 / خوێندکار بە بەردەوامی پێویستی بە نوسین هەیە، بۆ نمونە لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە:

- لە کاتی خۆ ئامادە کردن بۆتاقیکردنەوەکان ناتوانێت بە باشی خۆی ئامادە بکات
- لە کاتی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکەدا ناتوانێت ئەوەی دەیەوێت بە باشی بینوسێت و پەیامەکەی بگەیەنێتە مامۆستا .

3 / لە دەست چوونی بەشێکی نمرەی تاقیکردنەوەکە.

4 / ئەم کێشەیە تاکێکی شەرمن بەرهەم دەهێنێت.

5 / بێزاربوونی خوێندکار لە خوێندن.

6 /دابەزینی ئاستی زانستی خوێندکار لە سەرجەم وانەکاندا.

بەشی سێیەم // قۆناغی بنەڕەتی

هەنگاوی یەکەمی خوێندکارە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری، قۆناغی پەروەردکردنیان و گەیشتنیانە بە کۆمەڵگە و کارلێک لەگەڵیدا.

قۆناغی بنەڕەتی خوێندن گرنگترین قۆناغە بۆ پێگەیاندنی تاک، وە بە هێندەی گرنگیدان بەم قۆناغە خوێندکار بە شدار دەبێت لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا، واتە چەند زیاتر گرنگی بە قۆناغی بنەرەتی بدرێت، بە شداریکردنی تاک لە

پێش خســـتنی کۆمەڵگەدا بە هەمان چەند زیاد دەکات ، بەم پێیەش قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی قۆناغی فێرکردنی کۆمەڵگەیە لە هەموو بوارەکاندا.

ئەم قۆناغە بەسەرەتای پشکنینی زانستی و فکری لە هزری خوێندکاردا دادەنرێت، کە بە درێژایی تەمەنی بەردەوام دەبێت، لە قۆناغی بنەڕەتیدا یەکێک لە کارە گرنگەکان، کە پێویستــە مامۆسـتایان - بە هاوکاری بەرپرســی خوێندکار – ئەنجامی بدەن فێرکردنی بنەما سەرەکییەکانی خوێندەوارییە، فێربوونی ئەلفوبێی زمانی دایک بە شێوەیەکی دروست یەکێکە لە کارە هەرە گرنگ و لە پێشـینەکان، خوێندکار دەبێت لە قۆناغی بنەڕەتیدا - بە تایبەت لە (3) سـاڵی یەکەمی خوێندنیدا – بە تەواوەتی فێری نوســین و خوێندنەوەی زمانی دایک بێت و بە پێچەوانەوە گەر ئەم فێرکردنە لەبەر هەر هۆکارێک بە باشی ئەنجام نەدرێت ئەو خوێندکارە لە ساڵانی خوێندنی داهاتوویدا تووشی کێشە دەبێت،هەروەها ئەم فێرکردنە لە دوای (3) ساڵی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی کارێکی ئا سان نابێت، چونکە لە پۆلی چوارەم و پێنجەمی بنەڕەتییەوە چە ند وانەیەکی تر دەخوێنن، ئەو وا نانە بۆ خوێنـد کار ێک دانراون خوێنـدنەوە و نوســین بە تەواوی فێربووبێت.

لە هەرێمی کورد ستانیش کە بە شێکە لە دەوڵەتی عیراق لە سەر هەمان سیستم و یا ساکانی پەروەردەی دەوڵەتی عێراقی تێدا پەیڕەو دەکرا و قوتابخانەکان لە دوو قۆناغی سەرەکی پێکهاتبوون:

1 / قۆناغی سـەرەتایی: ئەم قۆناغە لە شـەش پۆل پێکدێت واتە پۆلەکانی (1 ,2 ,3 ,4 ,5 ,6) ی سـەرەتایی ، وە منداڵ لە تەمەنی 6 سـاڵییەوە دەچوە بەر خوێندن وە خوێندن لەم قۆناغەدا ئیلزامی بووە واتە دەبوو هەموو منداڵێک بچێتە بەر خوێندن ، ئامانجی ئەم قۆناغە پێشخستنی کەسایەتی منداڵە لە لایەنەکانی جەستەیی ، هزری ، ڕەوشتی و ڕۆحی ، تا ببنە هاوڵاتیەکی تەندروست [١٢].

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان لەم قۆناغەدا بەم شێوەیە بووە [١٣]:

آ / پۆلەکـانی (1 , 2 , 3): تـاقیکردنەوەکـان بە شـــێوەی زارەکی بووە و بەرزترین نمرەی دەرچوون 10 نمرە و نزمترینیش 5 نمرە بووە.

ب / پۆلی (4): تاقیکردنەوەکان بە شێوەی زارەکییە جگە لە وانەکانی زمان و بیرکاری، بە شێوەی زارەکی و نوسین ئەنجام دەدران و نمرەکان بە هەمان شێوەی پۆلەکانی پێشووە.

پ / پۆلەکانی(5 , 6) : سەرجەمی تاقیکردنەوەکان بە شێوەی نوسین ئەنجام دەدران جگە لە وانەکانی زمان، کە بە هەردوو شـێوەی نوســین و زارەکی بووە ، وە نمرەکان بەڕێژەی 20% بۆ تاقیکردنەوەی زارەکی و 80% بۆ نوســین دانرابوو ، بەرزترین نمرەی دەرچوون لەم دوو پۆلەدا 100 نمرە و نزمترینیش 50 نمرە بووە.

---

١٢ - نظام المدارس الابتدائية العراقية رقم 30, سنة 1978 ، مادة 2

١٣ - وزارة التربية العراقية، المديرية العامة للتقويم و الامتحانات (مجموعة الانظمة و التعليمات الخاصـــة بالامتحانات و الشـــهادات)،مطبعة الوزارة1983، لاپەڕە 8 ,9

2 / قۆناغی دواناوەندی

آ / ناوەندی: پۆلەکانی (1 , 2 , 3)ی ناوەندی دەگرتەوە ، خوێندکار لە دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لەم قۆناغە وەردەگیرا.

ب / ئامادەیی: پۆلەکانی (4 , 5 , 6)ی ئامادەیی هەردوو بە شی وێژەیی و زانستی و هەروەها سەرجەم خوێندنگە پیشەییەکان دەگرتەوە، خوێندکار لە دوای تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی لەم قۆناغە وەردەگیرا.

ئەنجا مدانی تاقیکردنەوە کانی نیوەی ساڵ و کۆ تایی ساڵ لە سەرجەم وانە کا ندا (لە هەموو پۆلە کا ندا تاقیکردنەوەکانی وەرزش و هونەر و سرود بە شێوەی کرداری ئەنجام دراون)[14] بە شێوەی نو سین ئەنجام دەدرا جگە لە وانەی زمانەکان، بە هەمان شێوەی پۆلەکانی 5 , 6 بووە (لە تاقیکردنەوە وزاریەکاندا کە لە پۆلی 3 ی ناوەندی و 6 ی ئامادەیی ئەنجام دەدرا سەرجەم تاقیکردنەوەکان بە شێوازی نوسین بووە)، و بەرزترین نمرەی دەرچوون لەم قۆناغەدا 100 نمرە وە نزمترینیش 50 نمرە بوو [15].

لە پاش ڕاپەڕینی 1991 ی گەلی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە لەسەر هەمان ڕێچکەی ڕێنماییەکانی پێشوو هەنگاوی نا لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی کەم تا ساڵی 2007 و بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی، لەو کۆنگرەیەدا گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستمی قوتابخانە و خوێندنگەکاندا کرا و لە ساڵی 2009 سیستمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و خوێندنگە ئامادەییەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچو ، ساڵی خوێندن بە پێی سیستمی نوێ دابەش دەبێت بەسەر دوو وەرزدا ، لە کۆتایی سالدا ئەنجامی هەردوو وەرزەکە کۆدەکرێتەوە و دابەشی دوو دەکرێت بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی کۆتایی.

بە پێی ئەم سیستمە قۆناغەکانی خوێندن دابەشکران بۆ دوو قۆناغی سەرەکی ئەوانیش:

1 / قۆناغی بنەڕەتی

2 / قۆناغی ئامادەیی

قۆناغی بنەڕەتی: ئەم قۆناغە لە 9 پۆلی خوێندن پێکدێت، منداڵ لە تەمەنی 6 ساڵییەوە دەچێتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، ئەم قۆناغە بەسەر 3 بازنە دابەش دەبێت ، ئەوانیش:-

آ / بازنەی یەکەم پۆلەکانی(1 , 2 , 3)، خوێندکار لەم پۆلانەدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و ئەنجامی کۆتایی وەرزەکان و کۆششی ساڵانە بە دەستەواژەکانی ( لاواز، پەسەند ، ناوەند ، باش ، زۆر باش و نایاب ) دادەنرێت[16]، لە سەرەتای گۆڕینی سیستمی قوتابخانە و خوێندنگاکاندا لە بازنەی یەکەمدا کەوتن نەبوو[17] واتە سەرجەم خوێندکاران

---

١٤ - وزارة التربية لاقليم كوردستان، (مجموعة الانظمة و التعليمات الخاصة بالامتحانات و الشهادات)، مطبعة وزارة التربية / اربيل، سنة 1998 ، لاپەڕە 8

١٥ - هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 12

١٦ - وەزارەتی پەروەردە ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان ، (ڕێنماییەکانی تایبەت بە ئەزموونەکان 2015 - 2016) لاپەڕە 3

١٧ - سیستمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان 2009 ، (بەندی 61 بڕگەی 4) لاپەڕە 40

دەردەچون و قۆناغەکەیان دەبڕی، جگە لەو خوێندکارانەی، بەرپرسـەکانیان ڕەزامەند بوون لەسـەر دەرنەچوونیان، ئەمەش بە پێی ڕاپرسـیەک بۆ بە جێگەیاندنی توێژینەوەکەمانلە نێوان مامۆسـتایاندا ئەنجاماندراوە (ئةنجاماندراوة 92% ی بە شداربوان ئەم بڕیارە بە هۆکاری سەرەکی بۆ دابەزینی ئا ستی خوێندکاران لە خوێندنەوە و نو سینی زمانی کوردی دادةنین، لەدواتردا ئەم بڕیارە گۆڕانی بەسەردا هاتوە تەنها لە پۆلی یەکەمدا خوێندکار ڕاستەوخۆ دەردەچێت بێ گوێدانە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و لە پۆلی دووەم و سـێیەمدا مەرجە خوێندکارلە هەردوو وانەی کوردی و بیرکاریدا ئاستی پەسەند و بەرزتر بە دەستبهێنێت بێ گوێدانە هەڵسەنگاندنی وانەکانی تر[١٨].

ب / بازنەی دووەم ، پۆلەکانی (4 , 5 , 6 ) دەگرێتەوە.

ت / بازنەی سێیەم ، پۆلەکانی (7 , 8 , 9 ) دەگرێتەوە.

دەرچوون لەم دوو بازنەیەدا لەسـەر ئەنجامی تاقیکردنەوە هەڵسـەنگاندنی هەردوو وەرزی خوێندن دەوەسـتێت، بەرزترین نمرەی دەرچوون 100 نمرە و نزمترین نمرەی دەرچوونیش 50 نمرەیە ، بە پێی ئەم سـیسـتمە نوێیە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزەکان تەنها نووسـینە و تاقیکردنەوەی زارەکی ئەنجام نادرێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دابەزینی ئاستی خوێندکاران لە خوێندنەوە و نوسینی کوردیدا.

بەشی چوارەم// لایەنی پراکتیکی

خشتەی (١) زانیاری کەسی

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | 69 | 37 |
| مێ | 117 | 63 |
| کۆ | 186 | 100 |
| تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
| 22 – 31 | 25 | 13 |
| 32 – 41 | 89 | 48 |
| 42 – 51 | 58 | 31 |
| ٥١ بۆ سەرەوە | 14 | 8 |
| کۆ | 186 | 100 |
| بڕوانامە | ژمارە | ڕێژە |
| دبلۆم | 36 | 19 |
| بەکالۆریۆس | 149 | 80 |
| بڕوانامەی باڵا | 1 | 1 |
| کۆ | 186 | 100 |

١٨ - وەزارەتی پەروەردە ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان ، (ڕێنماییەکانی تایبەت بە ئەزموونەکان 2015 - 2016) لاپەڕە 3

| پسپۆڕی | ژمارە | ڕێژە |
| --- | --- | --- |
| زمانی کوردی | 79 | 42 |
| زمانی عەرەبی | 29 | 16 |
| زانستەکان | 32 | 17 |
| کۆمەڵایەتی | 38 | 20 |
| دەروونناسی | 2 | 1 |
| بیرکاری | 3 | 2 |
| کۆمپیوتەر | 3 | 2 |
| کۆ | 186 | 100 |
| ساڵانی خزمەت | ژمارە | ڕێژە |
| ٥ ساڵ و کەمتر | 7 | 4 |
| 6 – 10 | 41 | 22 |
| 11 – 15 | 50 | 27 |
| ١٦ و زیاتر | 88 | 47 |
| کۆ | 186 | 100 |
| ژمارەی ئەو خولانەی بەشداریت کردوە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستت وەکو مامۆستا | ژمارە | ڕێژە |
| بەشدار نەبووم | 17 | 9 |
| ١ خول | 44 | 24 |
| ٢ خول | 57 | 31 |
| ٣ خول و زیاتر | 68 | 36 |
| کۆ | 186 | 100 |

سەرچاوە/ لە ئامادە کردنی توێژەر

یەکەم / سامپڵی توێژینەوەکە :

توێژەر بیروڕای مامۆستایانی هەڵبژارد لە پێناو ئەوەی بە خاڵە لاواز و بەهێزەکان بگات کە پێویستی پێیەتی بۆ دەرخستنی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی و بەدیهێنانی گریمانەکانی و لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت لە خشتەی (1) و تێیدا دابەشکردنی ئەندامەکانی سامپڵەکەی لەڕوانگەی فاکتەرەکانی کەسایەتییەوە ڕووندەکاتەوە .

1 / ڕەگەز: دەردەکەوێت ڕەگەزی مێینە 117 مامۆستا بووە بە ڕێژەی (63%) و ڕەگەزی نێرینە 69 مامۆستا بووە بە ڕێژەی (37%) ئەمەش دەریدەخات زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی ئەو قۆناغە لە ڕەگەزی مێینەن کە لە خۆیدا لەڕووی زانستی دەروونییەوە باشترن.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

2 / تەمەن: لە هەمان خشـتەدا دەردەکەوێت، کە بەرزترین ڕێژە بۆ تەمەنی (32-41) سـاڵ بووە، کە ڕێژەی (48%) بە دوای ئەوەیش ڕێژەی (31%) بۆ خاوەن تەمەنی (42-51) ساڵ دێت واتە زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی بەشدار بون لە وەڵامدانەوەی ڕاپرسـیەکە ڕێژەیان (79%) بە ژمارەی (147) مامۆسـتا لە کۆی (186) مامۆسـتا ئەمەش ئەوە دەردەخات لە ڕووی تەمەنەوە کەسایەتی خاوەن ئەزموونن لە ڕوانگەی فێرکردنەوە.

3 / بڕوانامە: دەردەکەوێت (80%) ی بەشـداربووان بە ژمارە 149 لە کۆی 186 خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسـن ئەمەش لە خۆیدا وا دەریدەخات، کە خاوەن ئەزموونێکی بەرزن لە ڕووی بڕوانامەی زانستیەوە بۆ جێبەجێکردنی کاری فێرکردنی نەوەکانی داهاتوو، ڕێژەی (1%) یان خاوەنی بڕوانامەی باڵان هەروەها (19%) یان خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمن.

4 / پسـپۆڕی: بەو پێیەی زمـانی کوردی پەیوەنـدی بە هەموو وانەکـانی تروەوە هەیە بۆیە توێژەر ڕاوبۆچوونی مامۆسـتایانی بابەتەکانی تریشـی جگە لە زمانی کوردی وەرگرتوە و لە هەمان خشـتەدا دەردەکەوێت، مامۆسـتایانی بەشـدار بوو بە ڕێژەی (42%) یان مامۆسـتای زمانی کوردین و (20%) ڕێژەی مامۆسـتایانی کۆمەڵایەتی و ڕێژەی (17%) و (16%) بۆ پسـپۆڕیەکانی زانسـتەکان و زمانی عەرەبین ، هەروەها پسـپۆڕیەکانی دەروونناسـی، بیرکاری و کۆمپیوتەر بە ڕێژەکانی (1%، 2% و 2%) بەشدار بوون.

5 / سـاڵانی خزمەت: دەردەکەوێت، ڕێژەی (47%)ی مامۆسـتایانی بەشـدار بوو سـاڵانی خزمەتیان لە (16) سـاڵ زیاترە بە ژمارەی 88 مامـۆسـتا لـە کـۆی 186 و ٥٠ مامـۆسـتا سـاڵانی خزمەتیان لە نـێوان (11-15) ساڵە و 41 مامۆستا بە ڕێژەی (22%) یان لە نێوان (6-10) ساڵ خزمەتیان هەیە ، تەنها 7 مامۆستا خزمەتیان لە 6 ساڵ کەمترە، ئەمەش دەریدەخات زۆرینەی مامۆستایانی بەشداربووی ڕاپرسیەکە خاوەن ئەزموونێکی باشن لە بواری فێرکردندا.

6 / لە ئەنجامی ڕاپرسـیەکەدا دەرکەوتووە ڕێژەی (91%) ی بەشـداربووان بە ژمارەی 169 لە کۆی 186 مامۆسـتا بەشـدارییان لە خولەکانی بەهێزکردنی مامۆسـتایاندا کردوە و تەنها 17 مامۆسـتا بە ڕێژەی (9%) یان بەشـداریان نەکردوە لەم خولانەدا ، ئەمەش دەریدەخات زۆرینە یان ڕاهێنراون تا ببنە مامۆسـتایەکی لێهاتوو و بە ئەزموون تواناکانیان لە بواری فێرکردندا بەرەو پێش ببرێت.

خشـتـەی ( 2 ) توانای خوێندکار لە نوسین و خوێندنەوەی کوردی دا

| | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | زۆر لەگەڵیدانیم | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A 1 | ژمارە | 125 | ژمارە | 53 | ژمارە | 3 | ژمارە | 2 | ژمارە | 3 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 67 | ڕێژە | 28 | ڕێژە | 2 | ڕێژە | 1 | ڕێژە | 2 | ڕێژە | 100 |
| A 2 | ژمارە | 99 | ژمارە | 71 | ژمارە | 5 | ژمارە | 8 | ژمارە | 3 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 53 | ڕێژە | 38 | ڕێژە | 3 | ڕێژە | 4 | ڕێژە | 2 | ڕێژە | 100 |
| A 3 | ژمارە | 49 | ژمارە | 83 | ژمارە | 15 | ژمارە | 35 | ژمارە | 4 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 26 | ڕێژە | 45 | ڕێژە | 8 | ڕێژە | 19 | ڕێژە | 2 | ڕێژە | 100 |
| A 4 | ژمارە | 52 | ژمارە | 93 | ژمارە | 11 | ژمارە | 22 | ژمارە | 8 | ژمارە | 186 |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژە | 28 | ڕێژە | 50 | ڕێژە | 6 | ڕێژە | 12 | ڕێژە | 4 | ڕێژە | 100 |
| سەرچاوە/لە ئامادەکردنی توێژەر | | | | | | | | | | | | |

دووەم / وەسفکردن و دەستنیشان کردنی بڕگەکانی ڕاپرسییەکە:

خشتەی (2) ژمارە و ڕێژەی وەڵام دانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی پرسیاری یەکەم ڕووندەکاتەوە کە دەربارەی توانای خوێندکارە لە نووسین و خوێندنەوەی کوردیدا.

1 / سەبارەت بە (A1) بریتییە لە دەستەواژەی (خوێندکارم هەیە توانای نووسینی خراپە) ڕووندەبێتەوە، ڕێژەی (95%) ی وەڵامدەرەوەکان لە پێوەری (زۆر لەگەڵێدام و لەگەڵێدام) ، بە کۆی ژمارەی 178 لە کۆی 186 وەڵام ، ئەمەش تێیدا دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایان خوێندکاریان هەیە، کە توانای نووسینی خراپە.

2 / (A2) بریتییە لە دەستەواژەی (خوێندکارم هەیە توانای خوێندنەوەی خراپە) ڕووندەبێتەوە کە 170 لە کۆی 186 بە ڕێژەی (91%) ی وەڵامدەرەوەکان لە پێوەری (زۆر لەگەڵێدام و لەگەڵێدام) ، بەمەش ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی مامۆستایان خوێندکاریان هەیە توانای خوێندنەوەیان خراپە.

3 / سەبارەت بە (A3) کە بریتییە لە دەستەواژەی (خوێندکارم هەیە توانای نووسینی باشە و خوێندنەوەی خراپە) دەردەکەوێت کە ڕێژەی (71%) ی وەڵامدەرەوەکان لە پێوەری (زۆر لەگەڵێدام و لەگەڵێدام) ،

4 / سەبارەت بە (A4) کە بریتییە لە دەستەواژەی (خوێندکارم هەیە توانای خوێندنەوەی باشە و نووسینی خراپە) دەردەکەوێت کە ڕێژەی (78%) ی وەڵامدەرەوەکان لە پێوەری (زۆر لەگەڵێدام و لەگەڵێدام) ، بە بەراوردکردنی خاڵی سێیەم و چوارەم دەبینین مامۆستایان پێیان وایە، بەشێکی زۆرتری خوێندکاران لە نوسیندا خراپترن بە بەراورد بە توانای خوێندنەوەیان.

خشتەی ( ٣ ) ڕێژەی خوێندکارەکانم کە لاوازن لە خوێندنەوە و نووسینی کوردیدا

| ڕێژەی خوێندکارانی لاواز بە بۆچوونی مامۆستایان | ژمارەی مامۆستایان | ڕێژەی مامۆستایان |
|---|---|---|
| 10% - 20% | 30 | 16 |
| 20% - 30% | 24 | 13 |
| 30% - 40% | 36 | 19 |
| 40% - 50% | 50 | 27 |
| 50% - 60 % | 24 | 13 |
| 60% - 70% | 13 | 7 |
| ۷۰% و زیاتر | 7 | 4 |
| نیمانە | 2 | 1 |
| کۆ | 186 | 100 |
| سەرچاوە / لە ئامادەکردنی توێژەر | | |

خشتەی (3) ژمارە و ڕێژەی وەڵام دانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ برگەکانی پرسیاری دووەم ڕووندەکاتەوە، کە دەربارەی ڕێژەی خوێندکارە لاوازەکانە لە نوسین و خوێندنەوەی کوردیدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (99%) وەڵامدەرەوەکان کە ژمارەیان 185 بەشداربووە لە کۆی 186 ، بە ڕێژەی جیاواز خوێندکاری لاوازیان هەیە لە نوسین و خوێندنەوەی کوردیدا وە بە ڕێژەی (51%) بەشداربووان پێیان وایە نیوە و زیاتری خوێندکارەکانیان ئاستیان لاوازە و نوسین و خوێندنەوەیان تەواو نیە.

خشتەی ( 4 ) کاریگەرییەکانی ئەم لاوازییە

| | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | زۆر لەگەڵیدانیم | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B 1 | ژمارە | 97 | ژمارە | 67 | ژمارە | 4 | ژمارە | 11 | ژمارە | 7 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 52 | ڕێژە | 36 | ڕێژە | 2 | ڕێژە | 6 | ڕێژە | 4 | ڕێژە | 100 |
| B 2 | ژمارە | 47 | ژمارە | 68 | ژمارە | 52 | ژمارە | 13 | ژمارە | 6 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 25 | ڕێژە | 37 | ڕێژە | 28 | ڕێژە | 7 | ڕێژە | 3 | ڕێژە | 100 |
| B 3 | ژمارە | 71 | ژمارە | 70 | ژمارە | 15 | ژمارە | 20 | ژمارە | 10 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 38 | ڕێژە | 38 | ڕێژە | 8 | ڕێژە | 11 | ڕێژە | 5 | ڕێژە | 100 |
| B 4 | ژمارە | 67 | ژمارە | 75 | ژمارە | 16 | ژمارە | 20 | ژمارە | 8 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 36 | ڕێژە | 40 | ڕێژە | 9 | ڕێژە | 11 | ڕێژە | 4 | ڕێژە | 100 |
| B 5 | ژمارە | 29 | ژمارە | 39 | ژمارە | 15 | ژمارە | 75 | ژمارە | 28 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 16 | ڕێژە | 21 | ڕێژە | 8 | ڕێژە | 40 | ڕێژە | 15 | ڕێژە | 100 |
| B 6 | ژمارە | 30 | ژمارە | 65 | ژمارە | 15 | ژمارە | 54 | ژمارە | 22 | ژمارە | 186 |
| | ڕێژە | 16 | ڕێژە | 35 | ڕێژە | 8 | ڕێژە | 29 | ڕێژە | 12 | ڕێژە | 100 |
| سەرچاوە / لە ئامادەکردنی توێژەر | | | | | | | | | | | | |

خشتەی (4) ژمارە و ڕێژەی وەڵام دانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ برگەکانی پرسیاری سێیەم ڕووندەکاتەوە کە دەربارەی کاریگەرییەکانی ئەم لاوازیەیە.

